یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەیەوێت هاوینی داهاتوو یانەی نەسری سعودی جێبهێڵێت



لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی هاتووە، "یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەیەوێت هاوینی داهاتوو یانەی نەسری سعودی جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ یەکێک لەو یانانەی کە لە ڕابردوودا یاری بۆ کردووە".

بەگوێرەی ڕۆژنامەی Elnacional ئیسپانی، "کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەگەڵ ژیانی سعودیەدا نەگونجاوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕیاڵ مەدرید، ئەو شارەی کە ئاسوودەیی تێدا دەژیوێتەوە و جوانترین ساتەکانی ژیانی وەرزشی و تایبەتی خۆی بەسەربرد، لەوێ چەندین نازناوی بەدەستهێناوە و خۆشەویستەکەی جێرجینا ڕۆدریگزی بینیوە".

ڕۆژنامەکە لە کۆتاییەکەیدا ئاماژەی بەوەشکردووە، "ڕۆناڵدۆ هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕیاڵ مەدرید، بەڵام تووشی شکست بووە بە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی سەرۆکی فلۆرنتینۆ پێرێز و ڕاهێنەری یانەکە کارلۆ ئەنچێلۆتی، ئەمەش ناچاری پورتوگالییەکەی کرد لە مانچستەر یونایتد بمێنێتەوە پێش ئەوەی بچێت بۆ یانەی ئەلنەسر".

کریستیانۆ ئەو یاریزانەی پێنج جار نازناوی یاریزانی جیهانی وەرگرت و لە ئێستادا گرێبەستی لەگەڵ ئەلنەسردا هەیە و تا هاوینی ساڵی 2025 بەردەوام دەبێت و مووچەی ساڵانەی 200 ملیۆن یۆرۆیە.

لەو کاتەوەی کە ڕۆناڵدۆ گەیشتۆتە ڕیازی پایتەختی سعودیە، کریستیانۆ لە هەموو پێشبڕکێکاندا 15 یاری بۆ ئەلناسر ئەنجام داوە و 12 گۆڵی تۆمارکردووە.